لە کەرکوکەوە... بانگەوازێکی سەرکایەتی بە بەشداری کارا و دیموکراسیانە لە هەڵبژاردنەکاندا

ئەمە شەمم عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کەمار داوای کرد بەشداری کارا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمان و بەرجەستەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و یەکپارچەیی و شەفافیەت بکات.

سەرۆك کەمار لە میانی فەستیڤاڵی کەرکوك - سمبولی پێکەوەژیان ڕایگەیاند : ئێمە ئەمە لە شاری کەرکوك کەدەبینەوە، ئێم شارە دەرینیە کە بە درێژایی مێژوو چەندین گەل و کولتوور و ئایینی لە باوەش گرتووە، وەك نموونەیەکی زیندوو لە فرەچەشنی و یەکیزی وەستاوە.

ئاماژەی بەوەشکرد : با ئێو ڕاستییە بەرجەستە بکەین کە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دروشمێك نییە کە دووبارەی دەکەینەوە، بەڵکو شێوازێکی ژیانە کە ڕۆژانە دەژین.

سەرۆك کۆمار جەختی لەوە کردەوە : کە کەرکوك بە مۆزوو و هەمەجەریی و گەلەکەیەوە- کورد، عەرەب، تورکمان، موسڵمان، مەسیحی و کاکەیی- وەك هەمایەکی ناوازەی رستنی دەوڵەمەندی عێراق دەمێنێتەوە و ڕوونیشی کردەوە : لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن، بەرپرسیارێتی بەکەمەمان بە پاراستنی ئەم رستنە و بەخشینی شارە خۆشەویستەکەمان لە هەموو جەرە جەمسەرگیری و دابەشبوونەك زیاتر دەبێت.

سەرۆك کۆمار ووتیشی : هەڵبژاردنی داهاتوو تەنها کەبەکەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو دەرفەتێکی ڕاستەقینەیە بە ئێوەی نیشانی جیهان بدەین کە ئێمە نەتەوەیەکی کۆن و یەکگرتووین و مۆزوویەکی هاوبەشمان هەیە، ڕەنگە لە بیروڕا جیاوازبین، بەڵام لەسەر بەرژەوەندییەکانی کەرکووك هاوڕان.

داواشی لە هەموو لایەنە سیاسی و کەمەایەتییەکان و هەموو خەڵکی کەرکووك کرد، قسەی ڕق و کینە نەت بکەنەوە، هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دابەش دەکەن نەت بکەنەوە، و پەکەوە کاربکەین بە چەسپاندنی بناغەکانی پەکەوەژیان و ئاشتی، سەرۆك کۆمار داوای لە هەموو لایەك کرد کە بەشەویەکی کارا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو بکەن و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و یەکپارچەیی و شەفافیەت بەرجەستە بکەن و ئاماژەی بەوەدا کە کەرکوك پەویستی بە هەموو کەسەك هەیە، هەروەها دەبێت بەرژەوەندییەکانی شارەکە لە سەرووی هەر پەیوەندیەك یان ناکەکیەکەوە بێت.